کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
17-9-2007 21:56بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## پارتی و یەکێتی لە ژن بە ژنێوە بۆ هاوپەیمانی ستراتیژی ... دڵزارحەسەن

دوای ڕووداوی شەڕی ناوەخۆ و شەڕە ڕاگەیاندنەکەی هەردوولایەن و یەکتر تاوانبارکردن و جنێو



فرۆشتن بەیەکتری، واقیعی سیاسی ناوچەکە ئەوەی دەخواست کە هەردوو هێزی بەشەڕ هاتوو زامەکانیان لە سەر مێزی گفتوگۆ سارێژبکەنەوە. سەرکردایەتی هەردوولا ماندوو بوونیان پێوە دیار بوو تا ئەو حەددەی پێتاقەت ببون لە بینینی یەکتری. یەکێتی هەمیشە دەست پێشخەری دەکرد بۆ کۆبوونەوەکان و بە دەردی وتەی هەندێك لە شەڕخوازەکانی سەرکردایەتیەکەیان "پێیان وابوو ئەوەی یەکێتی دەیکات تەنازوولە "بەڵام مام جەلال چاك لەوە گەیشتبوو شەڕ دواجار دەبێتەوە بەو نەریتەی کە سەرەتا خۆت لە ناو دەبات ئینجا بەرامبەرەکەت دەکوژێت. مەسعود بارزانی لە زۆربەی زۆری کۆبوونەوەکان وەك کەسێکی تورە و بی تاقەت دەردەکەوت، نەوشیروان مستەفا و بەشێکی دیکە لە ئەندامانی مەکتەبی سیاسی لە دانیشتنەکاندا زۆر بەکەمی دەردەکەتن. ئەو خوێندنەوەیەی کە پی وابوو یەکێتی لە بەرامبە پارتی لە تەنازوولدایە دەگەڕایەوە بۆ ئەو سیفەتەی تاڵەبانی کە هەمیشە ڕێگای مەسیف و سەری ڕەشی دەپیوا. بە هاتوو چۆکردنی مەسعود بارزانی و ئەندامانی مەکتەبی سیاسی پارتیش بۆ دۆکان و قەڵاچۆڵان زۆرێك لەو گومان و بارگرژیەی ناخی سەرکردایەتی یەکێتی هێورکردەوە کە پێیان وابوو مام جەلال لەگەڵ پارتی لەو پرۆسەی ئاشتیەدا گەمەیەکی دۆڕا و دەکات، لە نەدیجە واش دەرنەچوو ڕۆژ بەرۆژ حیواری جەلسەکان پرۆتۆکۆڵ و ئاڵ و گۆڕی بڕگە و ماددەی دەوڵەمەندی لە نێوانیان تێدەکەوت. تا وای لێهات هەردوو سەرۆك حیزبەکە هاتنە سەر شاشەی تەلەفزیۆن و بی بەری بوونی خۆیان لەو شەڕ نەگریسەی ناوەخۆ ڕاگەیاند. هەرچەندە ئەوان بەو نەفەسە شەڕەکەیان بە نەعلەت دەکرد، بەڵام بەشێکی زۆری خەڵك ئەو ساو ئێستاکەش ئەم ئاشتەواییەی هەردوو لایەن بە وەقتی و سیناریۆیەکی تازە دەزانن و وادەیخوێننەوە کە ئەم ئاشتیەش بۆ خاتری درێژەدانە بە دەسەڵاتەکەیان. بەهۆی ڕژانی ئەو خوێنە زۆرەی نێوانیان کەس نەبوو لەوە دڵنیابێت کە ئەم دوو حیزبە چیتر شەڕ ناکاتەوە، تا ئەو ئاستە بی ئومێدیەکان لای خەڵکی گەشەی کردبوو کە پێیان وابووە تا ئەو دوو حیزبە لە کوردستان حاکم بن هەمیش شەڕیش میوانی هەموو ماڵێکە. ئەو وتەیەی سەرەوە ڕێك لەدەمی ئەو خەڵکە نا ئومێدەم گوی لێبووە کە دەیانوت " ئەو کاتە یەکێتی و پارتی ئاشت دەبنەوە مەگەر لە نێوان ئەندامەکانیاندا ژن بە ژنی سازبکرێت ئینجا ئەمەلی ئەوەیان لێدەکرێت ئەو دوو شەڕکەرە واز لە خوێن ڕشتن بێنن" ئەم ڕوئیایە بینینێکی واقیع بینانە بووە تا ڕووخانی ڕژێمی بەعس و لە ناوچوونی دەسەڵاتی سەددام لە عێراقدا. چونکە تا ئەو لە سەر دەسەڵات بوو هیچ کاتێك پارتی خوازیاری ئەوە نەبووە یەکێتی وەك هاوپەیمانی ستراتیژی خۆی حیساب بکات هەرچەندە بەردەوام لە ئاشتیدا بووە لەگەڵیدا، بەڵام زۆر بەکەمی ویستویەتی دەرگاکانی پێکەوە ژیان بەرووی یەکێتیدا بکاتەوە. مام جەلالیش بۆ خاتری ئەوەی ڕووگەی ئەجندای سیاسیانەی پارتی لە بەغداوە بۆ کوردستان و لەوێشەوە بۆ سەر مێزی گفتوگۆکان بگۆڕێت. ڕۆژ بە ڕۆژ ئەگەر بە تەنازوولاتی زۆری گەورەی سیاسی و ماددی و ئیداریش بوایە خوانی کۆبونەوەکانی گەرمتر دەکرد. مام جەلال لەمەدا ڕوانگەیەکی جیاوازتری هەبووە، ڕوانگەیەك کە لایەنێکی پەند وەرگرتن بوو لە مێژووی ململانێی لەگەڵ بنەماڵەی بارزانی بەتایبەتی لەگەڵ جەنەڕاڵ بارزانیدا. هەمیشە ئەو

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

ڕەهەندانەی لەبەر چاو دەگرت کە نزیکیان دەخاتەوە لە لێوارەکانی شکستی سیاسی ئەو ئەزموونەی کە لە هەرێمی کوردستان هاتۆتە بوون. مەسعود بارزانی بە هۆی باوەڕ نەبوونی بە بەڵێنەکانی ئەمریکا و وەرگرتنی ئەزموونێکی تاڵ لەگەڵ سیاسەتەکانی کۆشکی سپی، ئەم دیدگایە وای لە هزری سیاسیانەی بارزانی کردبوو قەناعەتی بەو هێزانە نەمینێت کە ستراتیژە سیاسیەکانی "واشنتن" ئاراستەیاندەکات. بارزانی لەم حاڵەتەدا کەوتبوو نێوان دوو بەرداشەوە لایەنێکیان دەسەڵاتی بەغدابوو کە بە هۆی باروو دۆخێکەوە کەوتبووە ژێر مۆرکردنی پرۆتۆکۆڵێك لەگەڵ دەسەڵاتدارانی بەعس. لەلایەکی دیکەوە هەمیشە بە گومانەوە چاوی لە هەنگاوەکانی ئەمریکا دەکرد. من ئەوکات و ئێستاش پێم وابووە بارزانی لە کەم ئەزموونی و هەڵە تێگەیشتنی بووە لە بەرامبەر سیاسەتەکانی ئەمریکادا کە پی وابوە کۆشکی سپی پشتی تیکردووە و ئەجندای پارتی لە ناوچەکە بەهەند هەڵناگرێت، بە پێچەوانەوە ئەو کاتە یەکێتی بە هۆی دەست تێکەڵکردنی لەگەڵ میکانیزم و کارکردنی سیاسیانەی دەسەڵاتدارانی ئێران لە هەر جموو جۆڵێکی یەکێتی لە کوردسان و دەرەوەدا ئەمریکای تووشی گومان کردبوو. ڕەنگە ئێستا بارزانی و تاڵەبانی لەو ڕاستیە گەیشتبن کە دواجار مەنزوومەی دەسەڵاتدارانە و حیزبیانەی پارتی جیاوازتر لە یەکێتی، هاو تەریب دەکەوێتەوە لەگەڵ ئەو سککەیەی کە شەمەندەفەری سیاسی و ئابووری ئەمریکای تێدا تێپەڕ دەبێت. ئەمڕۆ یەکێتی باش لەو ڕاستیە گەیشتووە کە جگە لە گۆڕینی ڕەنگە ئێرانیەکەی کە هەمیشە تاوانبار دەکرا بە دۆستی کۆماری ئیسلامی ئێران، جگە لەوەی هەوڵ بۆ وەرگرتنی ڕەنگی تازەی لە شێوەی پارتی نەدات ئەوا چیتر ناتوانێت لەو گۆڕەپانە یاری بکات کە لە زۆر کاتان لەبەر لێزانینی یاریکەرەکان توانای پازدانیشت نابێت. ئەم یاریەش بە خودی مام جەلال نەبێت بە هیچ نموزەجێکی دیکەی ناو یەکێتی هەڵناسوڕێت. ئەو نیو سەدەیە "سیاسەت لە پێناوی سیاسەتدا دەکات" ئەمەش نەك تەنها ئەزموونێکی دەوڵەمەند بەرهەم دەهێنێت، بەڵکو بۆ کەسێکی دانیشتوی ڕۆژهەڵات لە دوای مەرگیدا قوتابخانەیەك دروست دەکات. جەلالیزم کە ستراکتۆرێکی بەهێزی دەرگای پەرشکردنی جیهانبینی مام جەلالە، جگە لەوەی هەڵگری خاسیەتێکی تۆکما و ئەزموونکارانەیە لە هەمانکاتیشدا شێوەیەکە لە پرۆسەی کارپێکرنی ئایندانەش بۆ یەکێتی. دیارە کۆی ئەو ئەگەرانە بۆتە هۆکار کە دواجار مام جەلال و یەکێتی هێناوەتە ئەو قەناعەتەی کە دوا ڕۆژ بۆ پارتییە. بێگومان مەرگی دەسەڵاتداریەتی بەعسیش خۆی لە خۆیدا شایلۆغانێك بووە بۆ پارتی، ئەمەش بۆ پارتی خسوسیاتێکی دیکەی سیاسەتکردن بووە لە بەرامبەر نەیارە شەڕکەرەکەی کە یەکێتیە و لەگەڵ ئەو دێوزمەیەی کە هەمیشە شوێنی نەفەسی پارتی گرتبوو ئەمیش دەسەڵاتدارانی بەغدابووە. پارتی بە لە ناوچوونی بەعس زیاتر لە جاران درێژەی بە هەناسەی ئەو هاوپەیمانیەتیە دەدا کە پێشتر زۆر بە زەحمەت بەرە و پیلیەوە دەچوو. یەکێتیش بۆ خاتری ئەوەی وەك" مار" پێستەکۆنینەکەی فڕی بدات و بەرگێکی دیکە بەخۆیدا بکات، پەرۆشی ئەوە بوو تا زووە ئاشتبوونەوەکە ڕابگەیەندرێت و تا ئەو فەراغە گەورەیەی کە لەم ماوەیە زۆرەی سیاسەتی یەکێتی لە نێو ڕووداوە ئیقلیمیەکان تووشی هاتبوو لە بەین بچێت. پارتی زۆر بە هێواشی هەنگاوی بۆ ئەو پرۆسەی " مارە بڕینە " دەهاویشت، بەلای پارتیەوە ئەوەندەی قایمکردنی دەسەڵات و پێگە ئیداریەکانی لە هەولێر و دەورووبەری گرنگ بوو نیو ئەوەندە دانیشتن لەسەر مێزی گفتوگۆکانی لەگەڵ یەکێتی پی موهیم نەبوو. بە وتەی یەکێك لە ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی "گەر مام جەلال نەبووایە کە ئەوەندە بە تەحەموولە لەگەڵ پارتی بڕوا بکەن ئێمە باین قەت کۆبوونەوەمان لەگەڵ پارتیدا نەدەکرد" ئەم قسەیە خۆ لە خۆڕا نەهاتووە بەڵکو بۆ ئەو ئیهمالکردنەی پارتی دەگەڕێتەوە کە هەمیشە دەرهەق بە یەکێتی دەیکرد. پارتی زۆر ژیرانە حیسابی بۆ یەکە یەکەی دانیشتنەکان دەکرد، بەڵام هیچ

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

یەکێکیش لەم خۆ لە گێلی دانەی پارتی بۆ یەکێتی ئەوەندەی نەدەهێنا کە جارێك لەگەڵ پارتی دابنێشێت. شاری هەولێر بەهۆی ئەزیەتدانی لایەنگرانی یەکێتییەوە لەلایەن پارتیەوە هەمیشە دڵیان لای ئەو فریادڕەسە بووە کە ناوی بە کۆسرەت ڕەسول عەلی و یەکێتی ڕۆیشتووە. بەلای خەڵکی هەولێر ئاشتی تەنها بۆ ئەوەندە باشە تا دەسەڵاتی پارتیان لەگۆڵبێتەوە و تروسکایەك بۆ یەکێتیش بکرێتەوە بۆ گەڕانەوەیان بۆ هەولێر. یەکێتی بەلایەوە گرنگ نەبوو هەوادارەکانی پەرۆشی ئەون یان نا، بەڵکو ئەو بە ئاسپایی دەستی بۆ کردنەوەی ئەو پەنجەرانەوە دبرد کە دۆخی یەکێتی لەم متبوونەوە دەگۆڕیت بۆ دۆخێکی دیکەی زیندوو. لەمەشیان سەرکەوتوونەبوو، لە هەڵبژاردنی پارێزگاکان یەکێتی توانی ئەو جەماوەری کە لە چاوەنواڕی گۆدۆدابوون بیبیانگەیەنێتە ئەو هەقیقەتەی کە گۆدۆکەیان دەگات، ئیدی گۆدۆکەیەن گەیشت و دەنگیشیان پێدا، بەڵام ئەوان گۆدۆیەکیان بینی کە تەنها لاشەکەی هاتبوو. دەرئەنجامی ئەم هەڵبژاردنەش پارتی تووشی شۆك کرد، بەڵام دواجار پارتی گەورەترین قازانجی لەو ڕێژە زۆرەی لایەنگرانی یەکێتی کرد ئەمیش بەوەی ئێستا کۆی ئەو دەنگدەرانە وەك ئاشکرایە یەکێتی بە زەعیف لە هەولێر دەبینن و خۆشیان و حیزبەکەشیان لەو شارە بە میوان دەزانن. پارتی سەرتا زۆر ترسا لە نەتیجەی هەڵبژاردنەکە هەر ئەوەش بوو وای لە پارتی کرد هەمیشە تەگەرە بخاتە بەردەم دانیشتنەکان. باشترین نموونە یاسای سەرۆکایەتی هەرێم بوو کە پارتی بە مەلەلەوە مامەڵەی لەگەڵ ئەو یاسایەدا دەکرد. لە نەتیجەش پیشنیارەکانی پارتی چەسپان و مام جەلال قبوڵکردنی ئەمەشی بۆ خاتری ئەوەبوو ئەو هاوپەیمانیەتیە بێتەدی کە دواجار یەکێتی دەخاتەوە ریزی ئەو سککەیەی کە فارگۆنەکانی ئەجندای ئەمریکا و بەریتانیای لێوەستاوە. بە بۆچونی من بەشێکی زۆری بێتاقەتی نەوشیروان مستەفا لە یەکێتی بۆ ئەو سیاسەتە میانڕەویانەی مام جەلال دەگەڕێتەوە کە بەرامبەر بە پارتی هەیەتی. هەرچەندە مۆفەق نەبوونی پارتی و یەکێتی لە شەڕی ناوەخۆدا ئەو راستیەی بۆ هەردوو لا ئاشکرا کرد کە قەت ناتوانن یەکتری بسڕنەوە، بەڵام نەوشیروان مستەفا ئەو ڕێگایەی مام جەلەلیشی پی پەسند نەبووە بۆ دووبارە تێکەڵکردنەوەی ماڵەکانیان. نەوشیروان هەمیشە پارتی بە گروپێکی لادەر لە بنەماکانی مەدنی و دیموکراسی زانیوە. هەرچەندە خۆشی بەردەوام وەك کارەکتەرێکی نێو دنیای بەلشەفیەت بیردەکاتەوە، بەڵام لە خۆ دەرخستنیدا لە میدیاکان گوتارەکانی روئیایەکی لیبراڵانە لە خۆ دەگرێت. ئەوەی مام جەلالیش بناسێت دەزانێت بۆ زاڵکردنی ئامانجەکانی ئاکارێکی ستالینانەی هەیە. رەنگە لەمەشیان دواجار یەکێتی سوودمەند بێت لەو هاوپەیمانیەتەی کە لە زۆر کاتان یەکێتی و سەرکردایەتی یەکێتی دەرباز دەکات لەو قەیرانانەی تی کەوتووە. چونکە مام جەلال کادیرەکانی خۆی چاك دەناسێت ئەگەر بە شتێکەوە سەر قاڵیان نەکات ئەوە لە بیری ئەوە دەچنەوە کە سەر بە حیزبێکی سوسیال دیموکراتن بەڵکو ئەو کاتە هەمیشە سەر قاڵدەبن بە کاری تەکەتولاتەوە، وەك ئەوی کە بینیمان چۆن لە نەتیجەی مۆڕاڵی نا ئاسایانەی تەکەتوول گەورەترین کەسایەتی سیاسی خۆی لەدەستدا ئەمیش نەوشیروان مستەفا بوو. یەکێتی دەمێکە خوازیاری ئەوەیە دەستی بگاتە ئەو مۆدێلە دەسەڵاتداریە تازەیەی کە ماوەیەکە پارتی لە هەلێر پراکتیکی دەکات. رەنگە بە هۆی دووری ئەو ماوەیەی یەکێتی لە شاری هەولێر، لەم جەولەیەی سەرۆکایەتی کردنەی حکومەتی هەرێم سەرکەوتوو نەبێت هەر ئەوەشە سەرکردایەتی یەکێتی تووشی سەرسووڕمانکردووە ئاخۆ کی لە جێگای نێچیرڤان بارزانی دابنێت. لەگەڵ ئەو ئەگەرانەشدا یەکێتی لە خەمی هاوپەیمانیەتێکی ستراتیژی چارەنووس سازدایە، وەك بینیشمان لەم ماوەیە گەورەترین پرۆتۆکۆڵی بەهێز لە نێوان هەردوو پارتی دەسەڵاتداری کوردستان هاتە بوون. ئەم کارە ئاوێکی دیکەی بە جەرگی سووتاوی مام جەلال داکرد. ئامانجێکی دیکەی ئەو پرۆسەی "مارە بڕینە" ئاشتەوایەی پارتی و یەکێتی کەمکردنەوەی

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

تاقەی ئەو کادیر و ئەندامە عەسکەرتاریانەی سەرکردایەتی و مەکتەبی سیاسی یەکێتی بووە لە مەحافیلی داڕشتنی سیاسەتی تازەی یەکێتیدا کە بەهۆی بوونی ئەمانەوە رەنگە مام جەلال نەیتوانیبوایە پرۆسەی هاوپەیمانیەتیەکە بەرەو پێشەوە بەرێت. مام جەلال کەسە نزیکەکانی خۆی وەك قوباد و باڤێلی هێنایە پێشەوە و جگە لەوەی لە دوای مەرگی خۆیدا ئەمان بە شێوەیەك لە شێوەکان سیبەری ئەون لە نێو عەرشی سەرۆکایەتیکردنی لە ناو یەکێتیدا، لەهەمانکاتیشدا دەبنەوە بە درێژە پێدەری هەناسەی ئەو هاوپەیمانیەتە کە مام جەلال لە مێژووی تەمەنی خۆیدا بەرهەمی هێناوە. چانسی تاڵەبانی لەوەدایە هەردوو کورەکەی پەروەردەی ئەو قوتابخانە ئەمریکیەن کە خۆی و مەسعود بارزانی ساتێك لە ساتەکان بی ئاگایانە لی دەرچوینە. هێنانە پێشەوەی دوو نموزەجی تازەی ئەقڵ ئەمریکایی تۆپی یاریەکان دوور دەخاتەوە. تێکەڵبوونە کۆمەڵایەتیەکەشی لەگەڵ مەلا بەختیاری سکرتێری مەکتەبی سیاسی ئێستای یەکێتی بۆ ئەوەبووە ئەمیش کە چۆن لە پێشتردا نەیارێکی سەرسەختی پارتی بووە ئەمجارە بەپێچەوانەوە بە هۆی نزیك بوونەوەی لە سیاسەتی مام جەلال پارتی بە هاوپەیمانیەکی ستراتیژی خۆیان بزنێت. پارتی لەمەشدا وەك یەکێتی نییە، چونکە ئەم جارە هاوپەیمانیەتیەکە بەراستی دەکات و هەستیش بە هیچ مەترسیەکیش ناکات لە دەوروو بەری تا رایبهێنێت لەسەر ئەوەی تەگەرە بخاتە بەردەم ئەو دۆستایەتیەی نێوان خۆیی و مام جەلالەوە. بە نەزەری زۆرێك لە چاودێران ئەم هاوپەیمانیە دووقوڵیە تەنها و تەنها لە نەتیجەی گرێبەستێکی ئەخلاقی و سیاسیانەی نێوان تاڵەبانی و بارزانی هاتۆتە ئاراوە، بەبی ئەوەی مەکتەبی سیاسی هەردوو لا ئەگەر و پێشهاتەکانی ئەو هاوپەیمانیەتە دراسە بکەن. وەك لە سەرەتاوەش باسم کرد هەر ئەو شێوازەیە بووە کە نەوشیروان و جەماعەتەکەی تووشی پەرتەوازەیی کرد لە یەکێتی. تا ئێستاش مام جەلال رێگای نەداوە خاڵێکی بچوکیش لە دۆستایەتیەکەیان بە هۆی ناڕازیبوونی ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی یەکێتی یان سەرکردایەتی هاوپەیمانیەتەکە بەبن بەست نەگات. نموونەی ئەو بەیاننامە هەرەشە ئامێزەی 15 ئەندامەکەی سەرکردایەتی یەکێتی لە مام جەلال و مەکتەبی سیاسی بۆ ئەوە دەگەڕایەوە کە نە مام جەلال و نە مەکتەب سیاسی پرسی بەو ئەندامانەی سەرکردایەتی نەکردبوو لەسەر ئەو هاوپەیمانیەتە ستراتیژیەی کە بە گەورەترین نەفەسی دۆستایەتی دادەندرێن لە نێوان بارزانی و تاڵەبانیدا، بەڵام تاڵەبانی هەر لەبەر ئەو مەترسیانەی دەنگی ئەو سەرکردایەتیانەوە دەیەوێت تا لە ژیان ماوە ئەو ژن بەژنییەی نێوان پارتی و یەکێتی کە لە دوێنێکەدا لە لای خەڵکی وەك خەونێك وابوو ئەمرۆکە بەو هاوپەیمانیەتە گەورەترین دەستکەوتی مێژووی بۆ پارتی و یەکێتی تۆماربکات....

dlzarhessen@yahoo. com

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.